# تابلۆیەك بۆ تەمەنی ئەنفال

**جەزا چنگیانی**



ڕاڤەکردن لەسەر ئەنفال و ووردکردنەوەی(جینۆساید)ڕاڤەکردن و ووردکردنەوەی دووجۆر مۆڕاڵ.دووجۆر ویژدانە(ویژدانی بکەری ئەنفال و ویژدان ومۆڕاڵی قوربانی یان ئەنفالکراو) موڕاڵ و ویژدان بە پێوەرە مرۆیەکەی نەك(ڕۆژهەلاتیی و ئیسلامی پرێمتیف)ئەنفال سترۆکتۆری کولتوروموڕاڵ و ویژدانی مرۆڤایەتی کۆمەڵگایەکی خێڵەکیەوبەشێکە لە پەرتووکێکی پیرۆز کە سەرچاوەی هێزی ڕۆحیانە.کەواتە ئەنفال پێناسەی کۆمەڵگایەکی بڤەیە.کە هەمیشە ئەنفال لە ڕۆح و ویژدان ومۆڕاڵی مرۆیاندا ئامادەی هەیە. هیچ لەمپەرێکی ویژدانی مۆڕاڵی لەبەردەم چەندبارە بوونەوەی ئەنفالدا نیە.فەلسەفەی ئەنفال یانی بێحورمەتکردنی بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی لە لایەن ئەنفاکەرەوە .

ئەگەر ئەمە بە ماتماتیکی سیاسی پێناسەی کۆمەڵگای ئەنفالکەربێ...ئەوە دەبێ پرۆسێسی ئەنفال بۆ کۆمەڵگایەکی ئەنفالکراو(کورد).فاکتەری گۆڕین وهەڵتەکاندەوەی ستۆرکتۆری هزری وئیستراتیجی وەرچەرخانێکی جەربەزانەبێت لەو میژوو وفەلسەفە خویناوییەی ڕەوایەتی ئەنفالی بەسەر گەلی کوردا شەرعان..وەرچەرخانێکی هوشیارانەبێت لە ئاوزانی خودی کوردی سەردەمی ئەنفال.ئەگەرچی ئەنفال بەشێك بێ لە ئیستراتیجی وولاتێکی کۆلۆنیالیستی وەك عیراق و سیاسەتی پارتێکی فاشی وەك بەعس ئەوە فاکتەریکی تری پاڵ ئەم فاکتەرانە فاکتەری هەڵەی سیاسی خودی کورد خۆیەتی لەو بێحورمەتییەی بەرامبەر بە گەلی کورد کراوە.



Köpfe hingerichteter Armenier, türkische Offizielle

سترۆکتۆری ئەنفال؟ بڕوای کۆمەڵەمرۆڤێکی دژە بەقرکردنی کۆمەڵەمرۆیەکی دەرەوەی ڕەگەزوبەرژەوەندی خۆی.شەرعیتدانە بەتاڵانکردنی سامانی نەتەوەیەك..داگیرکردنی زەوی نەتەوەیەك.فەلسەفەی فاشی(ڕەگەزێك ڕەگەزی دەرەوی خۆی پەسەند نەکات).بەم پێورە ماتماتیکیە سیاسیە ئێمەی کورد هەمیشە و لەهەر زەمەنێکدا بێن لەبەردەم هەڕەشەی بێ حورمەتی وئەنفال وکۆمەڵێ کەسی فاشی ئەو کولتورەین.دەبێ کورد لەم خاڵەوە تابلۆیەك بۆ تەمەنی ئەنفال لە ڕۆح وئیستراتجیتی بوونیدا وەك کۆمەڵە مرۆڤێکی هەڕەشەلەسەر بکێشێ .

***(گرنگ نیە چۆن دەکەویتە چاڵێکەوە..گرنگ ئەوەیە چۆن لەوچاڵە دێتە دەرێ)***

هیچ کەس وکۆمەڵێك نیە لە میژویدا.توشی شکستیەك نەبووبێت.وەلی کەڵك وەرگرتن لەو شکستیە.مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی مسۆگەری دوور لە شکستییە. شکستی و ئەو چاڵەی میژووی کوردی تێکەوتووە.شکستی کەسایەتی نەتەوەی تاکی کوردە و نەخویندنەوەیەکی نەتەوەییە بۆ کارەساتە تراجیدیاییەکانی میژوومان .

دابەشکردنی نیشتمانی هەر میللەتێك شکستی ئەو میللەتەیە..شکستی مرۆڤی کورد ئەو سنورەیە کە کوردستانی پارچەپارچەکردوە.شکستی کوردی باشور لەسەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق ولکاندنی باشوری کوردستان و زاڵبوونی دەسەلاتی ناسونالیستی عەرەبی دڕبوو.شکستی بزوتنەوەی باشور لە نەبوونی سایکۆلوجی سیاسی وئایدۆلۆجیتێکی نەتەوەی و نیشتمانی گەلێکی داگیرکراوە وە بوو.شکستی دیالۆگی سیاسی ئیستای کورد لە دیالۆگی دیموکراتەتیزیکردنی ئاوزانی کۆمەڵگایەکەوەیە کە بە دیموکراتی دەڕشێتەوە وئەنفال لە ڕۆحیدا پیرۆز ڕادەگرێت .

شکستی و سەرشۆڕی دانیشتوانی باشوری کوردستان لەوەدا بوو.کە دوای ڕمانی بەعس و تلیسانەوەی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عیراق لە9/ئەپریلی/2003. بە کۆی دەنگ وبەڕەزامەندی خۆی خۆیکرد بە کۆیلەی ناسیونالیستی عەرەبی دڕ و نیشتمانەکەی بەبەشێ لە وولاتی عیراقی عەرەبی.شکستی لەدەنگدانە بە دەستوریك کە هیزی لە فەلسەفەی ئیسلامەوە وەرگرتووە کە ئەنفال بەشێکە لەفەلسەفەی ئیسلام .

ئەنفالی 88 تاقە ئەنفال ودوا ئەنفالی کورد نیە...میژوومان سەخناخە لە ئەنفال..دادگایکردنی صدام و علی کیمیاوی و ئەوانی تر ولەسێدارەدانیان هیچ لە گۆڕینی ئاوزان و فەلسەفەی ئەنفال و دەسەلاتی ئیستای عیراق ناگۆڕێت.چونکە ئەوانیش نەوەی پەروەردەکراوی فەلسەفەی ئیسلام وقوتابی حوجرەی ئەنفالن...جیاوازی لە نێوان ئێمە و ئەواندا..ئەوان(عەرەب)ئەنفال هێزی میژوویانە بۆمسۆگەرکردنی دەسەلاتی ئایندە وملوری هەمیشەی

بەسەر کوردا..بۆ ئێمە ئەنفال هەڕەشەیەکی هەمیشەیە(چونکە کارمان لەسەر ئەنفال وشکستیی وچاڵەکانی مێژوو.وەك نەتەوە نەکردتۆتەوە)هیچ ئەنفالێك نەبۆتە فاکتەری وەرچەرخانی ژێرخانی هزر و مۆڕاڵی تاکی کورد

ئێمە یەکەم گرۆپی مرۆۋ نین ئەنفالمان لێکرابێت!وەلی ئێمە یەکەم میللەتین کە نەك لەئەنفال بەڵکو لە هیچ شکستیە مۆڕاڵییەکانی مێژوومان کەڵکمان وەرنەگرتوە .پشتگۆیخستنی مێژوو . سوکایەتیکردنە بە ئایندە.ئەنفالکردنی جولەکەکان لەلایەن هیتلەرەوە خزمەتێکی گەورەی بەجولەکەوئەڵمان گەیاند...جولەکەی گەیاندە ئەو ئاستە هوشیارییە کەزیاتر هەوڵی پێگەی سیاسی و ئابوری وخۆیان لە ئاستی جیهاندا بدەن.لەمپەر لەبەردەم ئەنفالەکانی داهاتوو دروستبکەن.جولەکەکان بە ئاشناکردنی ئەنفالەکەیان شرعیتی ئیسرائیلیان لە ئاستی جیهاندا مسۆگەرکرد.صبراوشاتیلا گرفتی فەلەستینێەکانی لە ئاستی جیهاندا گەیاندە لووتکەی ناڕەزای کۆمەڵگای جیهانی,, هیرۆشیما وناکازاکی.هیزێکی هێندە بە گوڕیدا بە تەکنەلۆژیا وکەپیتالی یابانی تا دەسەڵاتێکی کەپیتالیزمی جیهانی وەك ئەمەریکا جارێکی ترنەویریت خاکی یابان بکات بە تاقیگای بوومبە ئەتوومیەکانی.بۆیە بۆش(باوك)لە قەیرانی بازاڕی ئۆتۆمۆبیلی ئەمەریکدا.بەسەردانێکی تایبەتی چووبۆ تۆکیو تکای لە کارخانەکانی ئۆتۆمۆبیلی یابانی کرد کە چالاکی خۆی لەبازری ئەمەریکدا کەمێك تەسك بکاتەوە,چەند ساڵە نووسەران و نەتەوەی و سیاسیەکانی ئەرمەن لە خەباتدان بۆ بە جیهانیکردنی ئەنفالکردنیان لە ساڵی 1915 بەدەستی تورکان ؟ تائەنفالی داهاتوو لە میلەتەکەیان دروربخەنەوە.لەدوا سەردانی شیراك بۆ ئەرمینیا؟بەناوی گشت کۆمەڵگای ئەوروپیەوە ئاماژەی بەوە کرد مەرجی وەرگرتنی تورکیا لە کۆمەڵگای ئەوروپی داناپینانی ئەنفالی ئەرمەنییەکانە لە لایەن تورکیاوە.

***هزری ئەنفال لای کوردە:***

صدام کە ئەنفالی کوردی کرد پڕۆگرامێکی کاتی لەبەرچاو نەگرت.بەڵکو لەپێناوی دەسەڵاتی سەروەری عەرەبی هەمیشەی بوو لە داگیرکردنی خاك و سامانی کوردوقڕکردنی ڕەگەزی نەتەوەیەك بوو..ئەگەر ئەمە ئاوزانی ئەنفالچییەکان بێت. ئەی کورد بۆ تائیستا هەوڵی بەجیهانناسینی ئەنفالی نەداوە تا جارێکی تر ئەنفال نەکرێنەوە ؟؟؟ سەرانی ئیستای کورد نەك بەم کارە هەڵنەساون بەڵکو لەبیرچونەوەیەکی بە ئانقەستیان بۆ پرسیارە زەقەکانی دارشتوە. سەرۆکی عیراق و وەزیری دەرەوە بە ڕەگەز کورد نەمان بینیوە لە هیچ بونێکی جیهانیدا هەوڵی بە جیهانکردنی ئەنفالیان دابیّ ,هەروەها لە ئاستی خودی عیراقیشدا.ئەلتەرناتیفەکانی صدام نەك شەرمەزاری ئەم تاوانە نین.؟بەڵکو جەعفەری ومالکی کە دووباڵی خۆ بە دۆستی کورد دادەنین وهاوپەیمانی هەردوو زلهێزە کوردیەکەی ئیتلاف عیراقین .نەك سۆزیکیان بۆ ئەنفال دەربڕیوە بەڵکو لەسیاستی شلقۆی خوشیاندا بە هێمنی پیادەی بەرنامەی بەجیماوی صدام و علی کیمیاوی بە شێنەی دەکەن.ئەو پاشماوە داماوانەی ئەنفالی سنوری هەریمی کوردستانیش بەشێوەیەك لە لایەن دەسەڵاتی کوردییەوە پشتگۆی خراون کە مرۆۋ دەکاتە ئەو ئاستەی هەست بە نهێنیەك لە نێوان پڕۆگرامی ئەنفالی صدام وسەرانی کوردا بکات.پشتگۆیخستنی داماوانی ئەنفال لە لایەن دەسەڵاتی کوردیەوە بەردەوام بونی پڕۆسێسی ئەنفالە.بۆیە دەتوانین ئەوە بێژین کە ئەنفال تائیستا لە سەر جەستەی کورد و خاکی کوردستان بەشینەی دەکرێت. بەشێك لە تاوانی ئەنفالی صدام دەگەڕێتەوە بۆ گەوجی سیاسی سیاستمەدارنی کوردی سەردەمی شەڕی عیراق و ئیران و گەوجانە بازیکردن لە نێوان دوو( وولاتی شەڕکەری داگیرکەری دووبەشی کوردستان)*1 بۆیە خۆندنەوەی چڕ لەسەر ئەنفال یانی ڕسواکردنی ئاوزانی سیاسی(بەعس وکوردی یە)چونکە بە هەردوکیان سیاسەتی ئەو سەردەمەیان نەخشان..هەربۆیە ناویرن زۆر قسە لەسەر ئەنفال بکەن چونکە دڵنیان نهێنییەکانیان ئاشکرا دەبێت .

1- ڕۆژنامەی ئاوێنە / سلیمانی ژمارە 40---2006/10/10.چاوپێکەوتنێك لەتەك(خالید خولە سوور) سڵاو لەمستەشارەکان کوردیان پاراست .

( ئەوەی کە هات ئەنفالی دروستکرد..سوتاندنی نەوتەکەی کەرکوك..تەیارە بوو لەسەرگەڵو نیشتەوە ..قەرەداغ کرابوو بە بنکە پاسدار) ...

وێنەکان لە گۆڤاری ( Der Spiegel ) ئەڵمانی ژمارە 16 ساڵی 2005 وەرگیراوە .

سان پیترسبۆرگ 2006/09/20
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de